

یەکێکە لەو
هونەرمەندانەی کە
هاوتەمەنی چەند
نەوەیەکی هونەرمەندانی
لوبنانی بووە و لە
سەرەتای هاتنە ناوەوەی
جیهانی گۆرانی تا
ئێستا بەردەوام بووە و
توانیویەتی بە هەمان
ئاست بمێنێتەوە و
جەماوەریشی رۆژ دوای
رۆژ لە زیادبووندایە.

# نەوال ئەلزوغبی: گرنگ ئەوەیە هونەرمەند سوود لە کەوتنەکانی وەربگرێت

هەر لــە تەمەنێکی زوودا لە ماڵەوە گۆرانیی دەچڕی، بەڵام وەك پیشە لە ســاڵی ١٩٩١ کە هێشتا هەرزەکار بوو، یەکەم ئاهەنگی لە دەڤەرەکەی خۆیان ساز کرد، هەر لەو ئاهەنگەشدا خۆشەویستی ئیلی لــە دڵی نەوالدا چەکەرەی کرد وەك یەکەم و دوایین خۆشەویســتی لە ژیانیدا.

نەوال کە بە هەموو شێواز و ستایل و ڕەنگەکانی گۆرانی لوبنانی دەڵێت و بە گوتنی گۆرانیی میللی نوێی لوبنانی ناسراوە لە نێو هونەرمەندانی لوبنانــی، تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازە لــە ئەندامانی خێزانەکەی هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەر بووە، چونکە بەهرەی گۆرانی لەو کچە بەدی کراوە کە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاریش ئەم حەزەی زیاتر چەکەرەی کرد بەتایبەتی دوای هاندانــی دەوروبەر لەم بارەیەوە دەڵێت: هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەوروبەرم سەرسام بوون بە دەنگی من و بەردەوام پێیان دەگوتم دەنگت زۆر خۆشــە و هانیان دەدام، بۆیە لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەکانی خێزانی لەســەر داوای کەســوکارم گۆرانیم دەگوت، بە هەمان شێوە لەو ئاهەنگانەی کە لە ناوچەکەمان ســاز دەکرا، کاتێك گەورە بووم بەشداریم کرد لە بەرنامەی (ســتودیو الفن) کــە تایبەت بوو بە دۆزینەوەی بەهرە هونەرییــەکان و ڕەزامەندیی لیژنەی ناوبژیوانانم بە دەســتهێنا و هەموو ئەندامانی لیژنەی ناوبژیوانان ئاماژەیان بە خۆشیی دەنگ و لێهاتوویی من کرد لە هەمان کاتدا داوایان لێکردم کە بەردەوام بم و زیاتر هەوڵ بدەم و خۆم ماندوو بکەم بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەوم.

بۆ یەکەم جاریش کە هاتمە سەر تەختەی شانۆ لە دیۆیەك بوو لەگەڵ هونەرمەند وائیل کفوری بەناوی (مین حبیبی انا) هەرچەندە یەکەم جار بوو، بەڵام من زۆر دڵنیابووم لە سەرکەوتنی بەهۆی بەهرە و حەز و خولیام بۆ گۆرانی.

نەوال پێی وایە هونەرمەندی سەرکەوتوو پێویستە خاوەن دەنگێکی خۆش و توانــای ئەداکردنێکی بەهێز بێت چونکــە چۆنیەتی ئەدا کردنی گۆرانی ودەنگخۆشی بە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هونەرمەندێــك دادەنرێن، هەروەها جوانی و شــێوەی دەرکەوتن و بە هێزی لە بەرامبەر جەماوەر ئەمانەش تەواوکەرن بۆ ئەوەی هونەرمەند بە سەرکەوتوو دابنرێت .

نەوال وای دەبینێت کە هەموو شــتێك باجی خۆی هەیە لەوانەش سەرکەوتن و ناوبانگی بەتایبەتی بۆ هونەرمەندان، پڕوپاگەندە و قسە وقسەلۆکیش بەو باجە دادەنێت کە هونەرمەند پێویستە بیدات و دەڵێ: هونەرمەند و کەســانی بەناوبانگ هەمیشە دووچاری پڕوپاگەندە و قســەی هەڵبەســتراو دەبنەوە، بۆیە هیچ گرنگییەك بە پڕوپاگەندە نادەم و بیریشی لێناکەمەوە و تەنیا لە هەندێك حاڵەت نەبێ ئەگەرنا بە پێویســتی نازانم وەڵامیشــیان بدەمەوە و خۆم نابەمە ڕیزی ئەو کەسانەی کە خۆیان بەو کارانەوە خەریك دەکەن.

ســەبارەت بەو گرفت و ئاســتەنگانەی دێنە ڕێــی هونەرمەندان نەوال دووپاتی دەکاتــەوە کە گرفتی هونەرمەندان لە یەکتری نزیکە بەتایبەتی لەو ناوچەیەی ئێمە و ڕۆژهەڵات بە گشتی و دەڵێت:ئێمە گرفتەکانمان لــە یەکتری نزیکە ئەگەرچی ڕەنگــە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکــە یان ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بێت، بۆ نموونە پڕوپاگەندە کە بەرامبەر بە هونەرمەندان دەکرێت تەنیا بە مەبەســتی ناوزڕاندن و شــکاندنی هونەرمەندە و ڕەنگە هەندێك جار کاریگەریی خۆیشــی هەبێت لەسەر کەســایەتیی هونەرمەند، یاخو نەپاراستنی مافــی هونەرمەندان یان نەبوونی کۆمپانیای هونەری بەشــێوەیەك کە پشتگیری تەواوی هونەرمەندان بکەن، ئەمانە هەموویان گرفتن و ڕووبــەڕووی هونەرمەند دەبێتەوە، بەڵام هونەرمەندان بەردەوامن لە کاری خۆیان، چونکە جەماوەر گەورەترین سەرمایەیە بۆ هونەرمەند، وەك دەبینین ئێستا شــەپۆلێکی کارە نزم و بێ ئاستەکان بڵاوبۆتەوە کە هەموو ســنوورێکیان بەزاندووە و ڕێز لە هەســت و چاوی بینەر ناگرن.

بێگومان جەماوەر باشیان دەناسێت و لە هونەری ڕەسەنیان جیادەکاتەوە بۆیە دەبینین بەرهەمەکانیــان تەمەنی زۆر کورتە بەپێچەوانە کاری هونەرمەنــدان کە بە زیندوویی دەمێننــەوە و دەبنە هۆی بەردەوامی هونەرمەند و پێشکەش کردنی کاری باشتر.

لە وەڵامی ئەو پرســیارەی کــە ئایا هونەرمەند چــۆن دەتوانێت بــەردەوام بێت لەکاری هونەری و لە جەماوەر دانەبڕێت نەوال دەڵێت: هیچ هونەرمەندێك نییە لە ژیانیدا هەمیشــە ســەرکەوتوو بووبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کاتێك دەکەوێ ســوودی لێ ببینێت و پلانێکی باش دابنێت بۆ دووبارە ســەرکەوتن،مەرج نییــە هونەرمەند بەردەوام بەرهەم و کلیپی نوێی هەبێت، زۆر جار وا پێویست دەکات هونەرمەند بەرهەمێکی باش و سەرکەوتوو پێشکەش بکات و کلیپیشی بۆ بکات ئەم بەرهەمە ســەرکەوتووە کە بە زیندوویی لای جەماوەر بمێنێتەوە زۆر باشترە لەوەی هونەرمەند لە ساڵێکدا چەند بەرهەمێك پێشکەش بکات، هەر کارێــك من ئەنجامی بدەم تــەواوی کات و تواناکانی خۆمــی بۆ تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی جەماوەرم لێی ڕازی بێت و دڵی پێی خۆش بێت، پێویســتە هونەرمەند زۆربەی کات بەپێی خواست و ویستی جەماوەر کاری هونەری ئەنجام بدات و بزانێت جەماوەر چی لێی دەوێ ئەویش پێشکەشــیان بکات ئەمەش وەك ڕێز گرتنێکە لە جەماوەر و نیشانە خۆشەویستییە، چونکە جەماوەر سەچاوەی بەردەوام بوون و گەورەترین ســەرمایەی هونەرمەند و نیشــانەی سەرکەوتنی هونەرمەندە بۆیە ناکرێ بە پێچەوانەی ویســتی جەماوەر کار بکات یان کارێك بکات کاریگەریی ســلبی لەسەر دەروونی جەماوەر هەبێت و بە دڵی نەبێت، بەتایبەتی لە کلیپەکاندا پێویستە ڕەچاوی جەماوەر بکات.

نەوال گۆرانی و مۆســیقا بە پیشەســازی وەسف دەکات و پێیوایە هەموو بەشەکانی بە یەکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترن و هیچیان بەبێ بەشــەکانی دیکە سەرکەوتوو نابێت، ئاشــکرایە هەر کارێکی هونەریش ئەگەر ســەرمایەیەکی باشی هەبێت ســەرکەوتوو دەبێت، چونکە بە باشــترین شــێوە وێنەی دەگیرێت و ریکلامی باشی بۆ دەکرێت بەمەش بە ئاســانی دەگاتە دەستی جەماوەر لە هەر شوێنێك بێت، ئەم کارانەی باسیشم کردن پێیان دەوترێت پیشەسازی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا کە هەموویان بە یەکەوە بەستراون.



## پرۆفایل:

نــەوال ئەلزوغبــی لــە ٢٩ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٧٢ لە ناوچەی جبیلی لوبنان لە دایکبووە، دوو برا و خوشکێکی هەیە.

ئارەزووی مەلەوانــی و تێنس و خوێندنەوەیە

ژیانی هاوســەری لەگەڵ ئیلی دیب پێکهێنا، بەڵام دوای ١٥ ساڵ جیابوونەوەی دوای ئەوەی بوون بە خاوەنی کچێك و دوو کوڕ.

ســاڵی ١٩٨٨ لــە تەمەنی ١٦ ســاڵیدا بۆ یەکەم جار دەســتی بە گۆرانیی وتن کرد.

یەکەم ئەلبوومی لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکــردەوە بەنــاوی ( وحیاتی عندك) کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا

تــا ئێســتا چەندین خــەڵات و نازنــاوی هونــەری لــە لوبنان و وڵاتانی عەرەبی بەدەستهێناوە.

# لە داهاتدا ئەنجلینا یەکەمە

بەپێی سەرژمێرییەکی گۆڤاری (فۆربس)ی ئەمریکی خانمە ئەستێرەی جیهانی ئەنجلینا جۆلی بۆ ساڵی ٢٠١٣ داهاتی لە هەموو خانمە ئەکتەرەکانی دیکە زیاتر بووە و بە پلەی یەکەم دێت بە کۆکردنەوەی ٣٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. هاتنی جۆلی لەسەرووی لیستی زۆرترین داهات لەنێو ئەستێرەکانی سینەما تا رادەیەك مایەی سەرسوڕمان بوو، چونکە ماوەی ٣ ساڵ دەبێت ڕۆڵی لە هیچ فیلمێکی سینەماییدا نەبووە، هەروەها دوایین فیلمیشی کە بە ناوی (گەشتیار) بوو سەرکەوتنێکی چاوەڕوانکراوی بەدەست نەهێنا و داهاتیشی کەم بوو، ئەنجلینا لە پێش هەریەکە لە جنیڤەر لۆرانس بە ٢٥ ملیۆن دۆلار و کریستین ستیوارت بە ٢٢ ملیۆن دۆلار کە لە ساڵی ٢٠١٢ پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، هەروەها لە پێشەوەی جنیڤەر ئەنیستۆن بە ٢٠ ملیۆن دۆلار و ئیما ستۆن



# ئەماندا بۆچی دەرکرا؟!

لە یەکێك لە هۆتێلەکانی نیویۆرك کچە ئەکتەری سینەمایی ئەمریکی ئەماندا باینز دەرکرا دوای ئەوەی چەند جارێك لەگەڵ کارمەندەکانی هۆتێلەکە کەوتە شەڕ و قسەی ناشیرینی ئاراستە کردن لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری هۆتێل ناچار بوو دەری بکاتە دەرەوە. ماڵپەڕی (تی ئێم زێد)ی ئەمریکی لە بارەی ڕووداوەکە رایگەیاند کە باینز لە هۆتێلی (ریتز کارلتۆن) لە نیویۆرك دەرکرایە دەرەوە دوای ئەوەی ماریگوانای لە ژوورەکەی خۆیدا دەکێشا هەرچەندە کارمەندانی هۆتێلەکە چەند جارێك داوایان لێی کرد کە واز لە کێشانی بهێنێت، چونکە کێشانی هەموو جۆرە ماددەیەکی لەو جۆرە لە هۆتێلەکە قەدەغە بوو، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لەسەر کێشانی و تەنانەت زۆر بە توندی وەڵامی دانەوە و لە کۆتاییدا لەگەڵ کچێکیان کەوتە شەڕ و پێی گوتبوو: تۆ زۆر ناشیرینی و شایەنی ئەوە نیی پێشوازیم لێ بکەی، باشتر وایە بچیت بۆ لای پزیشکێکی جوانکاری بۆ ئەوەی جوانت بکات، لە ئەنجامدا کچەکە گریا و بەڕێوەبەرایەتی هۆتێلەکە ناچار بوون دەریان کرد، بەڵام باینزی تەمەن ٢٧ ساڵ ڕەتی کردەوە کە دەرکرا بێت و رایگەیاند کە بە ویستی خۆی هۆتێلەکەی جێهێشتووە. شایەنی ئاماژەیە ماوەی سێ ساڵە ئەماندا باینز لەژێر چاودێری پۆلیسدایە دوای ئەوەی بەبێ مۆڵەت ئۆتۆمبیلی لێخوڕیوە، هەروەها چەند جارێك دەستگیر کراوە بەهۆی کێشانی ماریگوانا، بەر لە ماوەیەکیش سکاڵای دژی پۆلیسێك بەرز کردەوە بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی دوای ئەوەی لە شوێنێکی گشتی ماریگوانای دەکێشا.



# کرێی سیرین لە یەک ئەڵقەدا ٢٠٠٠ دۆلارە

کرێـــی ئەکتـــەر و هونەرمەندان دەگۆڕێ بەپێی ڕۆڵ و ناوبانگیان، بۆیە ســاڵانە لە مانگی ڕەمەزان کە زۆرترین زنجیرە درامای تێدا پێشـــکەش دەکرێت، کرێی ئەکتەرەکان گەرمترین بابەتە و زۆرترین قسەی لە بارەیەوە دەکرێ لەنێو خودی هونەرمەندان و چاودێران.

ماوەیەکە بەهۆی بارودۆخی ســوریا ومیســر چەندین زنجیرە درامای لوبنانی بە هاوبەشی لەگەڵ میسر و ســوریا و وڵاتانی کەنداو بەرهەم دەهێنرێن و ســەرکەوتنی بەرچاویش بەدەســت دەهێنن، بەپێی چەند ســەرچاوەیەك دوای ســەرکەوتنی زنجیرە درامای (رۆبی) کە ســیرین عەبدولنور ڕۆڵی پاڵەوانێتی تێدا بینی، سیرین داوای کرد کرێی بەشداری کردنی لە زنجیرەی (لعبە الموت) بەرزتر بکرێتەوە و ئێستاش بە خاوەنی زۆرترین کرێ دادەنرێت لەنێو ئەکتەرە لوبنانییەکان، چونکە بۆ بەشداری کردنی لە تەنها یەك ئەڵقە بڕی ٢٠٠٠ دۆلار وەردەگرێت، لەدوای ئەویش نادین راسی و کارمن لبس دێن کە هەریەکیان بڕی ١٥٠٠ دۆلار وەردەگرێت بۆ بەشداری کردنیان لە یەك ئەڵقەی زنجیرەی (سنعود بعد قلیل).



بە ١٦ ملیۆن دۆلار هـــات. گۆڤاری ناوبراو بۆ زانینی داهاتی هونەرمەندان بە پلەی یەکەم پشـــت بەو ژمارانە دەبەستێت کە لە کەسانی نزیك لە هونەرمەندەکە دەستی کەوتوون وەك بریـــکارو بەڕێوەبەری کارەکانیان، هەروەها باج و خەرجی بریکارەکان و هیچ جۆرە خەرجییەکی دیکە ناگرێتـــەوە، بەپێی گۆڤارەکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان داهاتی ئەکتەرانی پیاو و ئافرەت هەیە، چونکە ســـاڵی ٢٠١٢ لە پیاوەکان داونـــی جۆنیور بە کۆکردنەوەی ٧٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە پلەی یەکەم هات.



## بەشی دووەمی ئەڤاتار لە ٢٠١٥ بەرهەم دەهێنرێت

دوای ئەوەی بە کۆکردنـــەوەی زیاتر لە ١،٨ ملیار دۆلار لە ئەمریـــکا، فیلمی ئەڤاتار بوو بـــە خاوەنی ژمارەی پێوانەیی جیهانی لە کۆکردنەوەی لە مێژووی سینەمادا و پێش(تایتانیك) کەوت، بڕیار وایە لە ســـاڵی ٢٠١٥ بەشی دووەمی ئەم فیلمە بەرهەم بهێنرێت. لەم بارەیـــەوە رۆژنامەی(هۆلیۆد ریپۆرت) رایگەیاند کە داوا لە نووسەر جۆنش فریدمان کراوە سیناریۆی بەشـــی دووەمی (ئەڤاتار) بنووســـێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراو لەگەڵ جیم کامیرۆنی دەرهێنەری فیلمەکە کاردەکەن بۆئەوەی لە دیســـێمبەری ٢٠١٥ بە کۆتا بێت و لە هۆڵەکانی سینەما لە سەرتاســـەری جیهان نمایش بکرێت، بەڵام ئەرکی دەرهێنەر و نووســـەرەکە ئاسان نابێت، چونکە بەشی یەکەمی فیلمەکـــە داهاتێکی خەیاڵی بەدەســـت هێنا کە نزیکەی دوو ملیار دۆلار دەبوو و بۆ ئەوەی بەشـــی دووەمیشی سەرکەوتوو بێت، پێویســـتە لە هەموو روویەکەوە بەهێزتر بێت لە بەشـــی یەکەم تاکو بتوانێت هەمان داهات یان زیاتر بە دەست بهێنێت و بڕیار وایە سام ورسنگتۆن و زۆی سالدانا بەشداری لە بەشی دووەمیشـــدا بکەن، بەڵام تا ئێستا نە دەرهێنەر و نە سیناریۆ نووسەکەش ئەوەیان ئاشکرا نەکردووە کە ئایا بەشی دووەمیش بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم باس لە چوونی مرۆڤ دەکەن بۆ هەسارەیەکی دیکە دوای ئەوەی ژیان لەسەر زەوی سەخت دەبێت یان بە پێچەوانەوە.

## سەعدون یونس:

# ئەوانەی لە دراما کار دەکەن پێویستە لە منەوە فێر بن

**بەم دوایيە هونەرمەند و دەرهێنەر سەعدون یونس رۆڵی پاڵەوانی لە فیلمی ئەمریکانۆ کە فیلمێکی کۆمیدییە بینی و لەسەر شاشەی سینەماکانی هەولێر نمایش کرا، سەبارەت بەم ئەزموونە نوێیەی لە سینەما و کارەکانی داهاتووی و تێبینییەکانی لەسەر سینەمای کوردی بۆ گوڵان هاتە دوان.**

سەرەتا رەجەبی پاقڵەخۆرو بەشداری کردنی لە فیلمی ئەمریکانۆ بە ئەزموونێکی نویێ دادەنێت و ئاشکرای دەکات کە بیرۆکەی ئەم کارە دەمێکە گەڵاڵەی کردبوو لەلای و دەڵێت: من زۆر شارەزای شێوازی کارکردنی سینەما نەبووم، بەڵام خۆشبەختانە لەم کارەدا بینیم و بۆم دەرکەوت کە زۆر ئاسانە و لە شێوەی درامایەکی تەلەفزیۆنیدایە، بەڵام پاشان پێویستە بیر لەوە بکەیەوە کە قەبارەی گرتەکان گەورە دەبن و دەخرێنە سەر شاشە، بە گشتی دەتوانم بڵێم لە تەکنیکەوە سینەما جیاوازیی هەیە لەگەڵ شانۆ و دراما، دەربارەی ناوەڕۆکەکەی من ناڵێم خراپ بوو، بەڵام دەکرا ناوەڕۆکی فیلمەکە لەوە زیاتر فراوانتر بکرێت و خەڵکی زیاتر بهێنرێتە ناو فیلمەکە، چونکە سینەما بۆ خەڵکە، بەڵام کاك حەسەن عەلی هەوڵی نەدا خەڵك بهێنێتە ناو فیلمەکە بۆ نموونە دەمانتوانی چەند دیمەنێك لە گوندەکان بکەین یان بێین بۆ ناو بازاڕ، لەم فیلمەدا تەنانەت خەڵك نەیاندەزانی شوێنی وێنەگرتنەکە کوێیە، کەچی لە سینەمادا هەرچەند خەڵك ئاشنای شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکە بن ئەوەندە سەرکەوتووتر دەبێت، بۆیە دەڵێم ناوەڕۆکی فیلمەکە کەموکوڕی هەبوو، سەعدون یونس ئەوە دووپات دەکاتەوە کە توانای پێشکەش کردنی کاری نوێی هەیە و دەڵێت: ئەم فیلمە بۆ من شتێکی تازە بوو و سەلماندی کە سەعدون هێشتا زۆری ماوە، زۆر جاران برادەران پێم دەڵێن زۆر لە دەرهێنەرەکان حەز دەکەن کار لەگەڵ تۆدا بکەن، بەڵام لێت دەترسێن، تێگەیشتن و سەرکردایەتی کردنت لە کاردا زۆر زەحمەتە، من بە راشکاوانە دەڵێم باشترین ئەکتەر لە «ئەمریکانۆ»کە خۆی رێك خستبێت و هاتبێتە بەردەم کامیرا بە ئامادەباشییەکی

تەواوە وە من بووم ، سەرەڕای ئەوەش بە هیچ شێوەیەك دەستکاری کاری دەرهێنانم نەکردووە و تەنیا ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ دەکرد، بەڵام پێموایە ئەگەر دەستکاریم بکردایە زۆر باشتر لەوەی دەستم نەخستە ناو هیچ شتێکەوە، چونکە بە حوکمی ئەوەی من بەرهەمهێنەری کارەکە بووم پێویست بوو من لە هەڵبژاردنی ئەکتەر و لە شێوەی وێنەگرتن و سیناریۆکەش قسەم هەبووایە، بەڵام پێم باشتر بوو من واز لەو شتانە بهێنم بۆ ئەوەی گرێی (سەعدون یونس) لای دەرهێنەرەکان چارەسەر بێت و بۆ ئەوەی دەرهێنەران بزانن ئەم گرێیە زۆر زەحمەت نییە، بەڵام زۆر بە راشکاوانە و بەو پەڕی توانابەخۆبوونەوە دەیڵێم ئەوانەی لە کوردستان کار دەکەن لە بواری دراما پێویستیان بە کۆرس هەیە لەلای سەعدون یونس و لەوەوە فێر بن، چونکە سەرکەوتن لە دراما تەنیا بە خوێندن نایەتە دی.

سیناریۆی فیلمی (ئەمریکانۆ ) تارادەیەك نادیاری پێوە دیارە و بە قسەی سەعدون یونس بۆیە بەو شێوەیە کۆتایی هاتووە، چونکە بەشێکی دیکەی هەیە و ناکرێ بەو جۆرە کۆتایی بێت، دەکرا بە دوو کاتژمێر تەواو بێت، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو بیکەین بە دوو بەش لە ئێستاوە سیناریۆی بەشی دووەم دانراوە و کاری بۆ کراوە، دەربارەی سیناریۆش دەڵێت: سیناریۆ هونەرێکی زۆر قورسە و وردەکاری زۆری هەیە و من بەرپرسم بەرامبەر بەو قسەیە لە سینەما و درامای کوردی شتێك نییە بەناوی سیناریۆ لەکاتی کار کردن، رەنگە لەسەر کاغەز هەموو وردەکاریەکانی بنووسرێتەوە وەك شێوەی دیمەنەکان و جووڵانەوەی کامێرا، بەڵام ئەگەر بڵێی کەسێك هەبێت ئەمانە لەسەر ئەرزی واقع جێبەجێی بکات ئەو شتانە وجودیان نییە تەنیا ئەوەیە لە دەرخستەکەدا دەنووسرێتەوە بۆ ئەوەی پارەی بۆ تەرخان بکرێت.

دەربارەی یەکەم ئەزموونی سینەمایی خۆی و ئایا بۆچی یەکەم ئەزموونی بە کارێکی کۆمیدی دەستپێکرد و نەدەکرا بە کارێکی دیکە دەست پێ بکات مامۆستا سەعدون دەڵێت: زۆر ئاساییە و دەکرا بە شتێکی دیکە دەستپێبکەم، بەڵام چ هەیە و چیم پێشکەشکراوە ئەوەم کردووە، گرنگ ئەوەیە ئێستا دەرگاکان لەبەردەمم کرانەوە و گرێیەکە چارەسەر بوو، ئێستا دەرهێنەری سینەمایی و تەلەفزیۆنی پێوەندییان پێوە کردوومە بۆ بینینی رۆڵ لە کاری نوێدا، بەڵام لە هەنگاوی دووەم پەلە ناکەم و بە وردی لە کارەکە دەڕوانم و تواناکانم لە بواری سینەما بۆ دەرهێنەران بە دەرکەوتن، هەرچۆنێك بێت دەبێ کاری دووەم جیاوازتربێت لە کاری یەکەم.

سەبارەت بەوەی جەماوەر زۆر جار بە سلبی و رەشبینی حوکم لەسەر کاری هونەری دەدات بەر لەوەی کارەکە ببینێت و هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی بۆ بکات، سەعدون ئەمە بۆ نەبوونی جەماوەر دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: ئێمە نەك تەنیا بینەری شانۆمان نییە، بەڵکو بینەری سینەما و دراماشمان نییە، واتە بینەرمان بە چاوی سینەما نییە کە لێی تێبگات، بەداخەوە تا ئێستا لای زۆر خەڵك سینەما یەکێك نییە لە شوێنە جوانەکان، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە کە بینیمان لە هۆڵەکانی سینەمای فامل مۆڵ و رۆیال مۆڵ بینەری فیلمە کوردییەکە لە بینەری فیلمە ئەمەش هەنگاوێکی باشە، هەروەها خێزان دووبارە گەڕایەوە بۆ سینەما لە نمایشی یەکەمی ئەمریکانۆ ژمارەیەکی زۆری خێزانە بەڕێزەکان ئامادە بوون کە ئێمە خۆشمان پێشبینیمان نەدەکرد، هەنگاوی گەورەتر دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، چونکە حکومەت قەرزداری کلتووری کوردییە بە گشتی، زۆر لام سەیرە

حکومەت قەرزەکانی بەرامبەر بە هەموو شتێك دەداتەوە، بەڵام حکومەت هەر بیریشی لەوە نەکردۆتەوە  قەرزی خۆی لە بوارێك بداتەوە کە هەیبەتی بۆ تاکی کورد گەڕاندۆتەوە، بەداخەوە وای لێهاتووە ئێمە پێش هەموویان من شت بە زۆر وەردەگرین، کاتێك دەچمە لای بەرپرسێك داوای بڕێك پارەی لێدەکەم بۆ کارێك یەکسەر پێی دەڵێم : مەڵێ نییە و بڕۆ بۆم پەیدا بکە واتە وەرگرتنە، من بەو شێوەیە تا ئێستا قسەم کردووە و لە پرۆژەکانی داهاتووش بە هەمان شێوە دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ شوێنێك نییە بیر لە دروستکردنی کەسایەتیی کوردی بکاتەوە لە ڕێگای کلتوورەوە.

بۆچی درامای عەرەبی و کوردی و تورکی و کۆری و ئێرانی بینەری هەیە کەچی درامای کوردی بینەری نییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سەعدون یونس دەڵێت: چونکە تا ئێستا ئەو دراما کوردیانەی بەرهەم دەهێنرێن ناچنە ناو دڵی بینەری کوردەوە، پێویستە لە درامادا هەموو شتێك بگوترێت بێ ئەوەی لە سنوور دەرنەچێت ئەو کاتە بینەر زیاتر دەبێت، بەڵام خەڵك دادەنیشێت سەیری درامایەکی کوردی دەکات کە هیچ پێوەندی بە ژیانی ئەوەوە نییە، یەکێك لەلایەنە ناشیرینەکانی درامای کوردی ئەوەیە کە زۆر جار دەبردرێتە ئاقارێکی سیاسی، خەڵك لەوە تێر بووە، لە بەرامبەردا خەڵك پێویستی بە روون کردنەوە و دەرخستنی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانە کە تا ئێستا درامای کوردی خۆی لێیان نەداوە، هەروەها درامای کوردی ئەگەر زۆر بە ویژدانیش بیکات دەیکاتە یەکسانی بۆ دراما و بۆ پارەکە، بەداخەوە زۆربەی بیرکردنەوەکە بەلای پارەکەیە، چونکە تا ئێستا سیستمێك دانەنراوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی رۆشنبیرانی ئەو وڵاتە و دابین کردنی ژیانی داهێنەرانی کورد.

لە بارەی کۆمیدیاش دەڵێ: کۆمیدیایەك کە ئامانجی هەبێ لەلای ئێمە زۆر کەمە، هونەرمەندانی ئێمە نەیانتوانیوە کۆمیدیایەك دروست بکەن و زۆربەی ئەکتەران بەتایبەتی لە تەلەفزیۆن تەنیا مەبەستیان دەستکەوتنی پارەیە، نەك پێکەنین و زەردەخەنە خستنە سەر لێوی خەڵك.

